# کۆمەڵە و تیرۆری مامۆستا شاریکەندی

ئەیووب ئەیووبزادە

## کۆمەڵە و تیرۆری مامۆستا شاریکەندی

### دەسپێک

بیستوحەوت ساڵ بە سەر تیرۆری مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندیدا ڕادەبرێ. بیستوحەوت ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٢ی ١ی ١٣٦١ی هەتاوی لە کاتێکدا مامۆستا شاریکەندی دوای تەواوبوونی پێشنوێژیی لە مزگەوت، تەمای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە دەبێ لەلایەن چەند چەکدارێکی کۆمەڵەوە درایە بەر دەسڕێژ و لە چرکەساتێکدا بۆ هەمیشە کۆتایی بە ژیانی هێنرا.

شاریکەندی کێ بوو؟ تاوانی چ بوو؟ هاندەر و موتیڤی کۆمەڵە بۆ ئەنجامی ئەو تاوانە دەبێ چ بووبێ؟ باری ئایینی؟ دژایەتیکردنی شاریکەندی لەگەڵ ماددەی ٨؟ شاریکەندی چی کردبوو کە دەبوو تیرۆر بکرێ؟ بە بەژن و باڵای ڕژێمی هەڵکوتبوو؟ پاکانەی بۆ تاوانەکانی ڕژێم لە کوردستان بەئەستۆ گرتبوو؟ دۆزی ڕەوای کوردی بە ناڕەوا لە قەڵەم دابوو؟ وەک سەهەندییەکان هەوڵی لە خشتەبردنی کۆمەڵەی دابوو؟ ڕیزەکانی ئەو ڕێکخراوەیەی بەرەو لێکترازان و هەڵوەشانەوە بردبوو؟ کادر و پێشمەرگەی کۆمەڵەی تووشی ناهومێدی و دڵساردی کردبوو؟ بەڵگە نهێنییەکانی کۆمەڵەی لەقاو دابوو؟ دەستی بەسەر سامانی کۆمەڵەدا گرتبوو؟ لە مەزادخانەکانی سلێمانی کەلوپەلی کۆمەڵەی هەراج کردبوو؟ لەوانەش گرینگتر بکوژانی شاریکەندی کێ بوون؟ لە کوێوە بڕیاری ئەم تاوانەیان وەرگرتبوو؟ تۆ بڵێی بۆ کوشتنی شاریکەندی دەستی کەس و لایەنێکی تریش بۆ دنەدانی کۆمەڵە لەئارادا نەبووبێ؟

لە ماوەی ئەو بیستوحەوت ساڵەدا بەدانستە پەردەیەکی بێدەنگی بەسەر هەموو ئەو پرسیارانەدا کێشراوە! نە لە ساڵوەگەڕی ئەم تیرۆرە باسێک لەو کەسایەتییە دەکرێ و نە لە بڕیاردەرانی ئەم تاوانە دەنگێ دەبیسرێ. لەڕاستیشدا مەبەستی سەرەکی لە ڕەشەکوژییش هەر ئەوەیە: چاوترساندن و خوڵقاندنی ترس و خۆف لەڕێگای کوشتنی جەستەوە. بەڵام لە هەر شوێنێکی ئەو دنیایە کاتێک سیاسەت پەنا دەباتە بەر زمانی هەڕەشە و ترس، ئیتر ترس و خۆف تەنیا هێزێکی سایکۆلۆژی نییە، بەڵکوو لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دەبێتە هێزێکی دەزگایی و سازماندراو و لە هەناوی خۆیدا پرۆژەی خنکاندنی جیاوازی و بنەبڕکردنی فرەڕەنگی و فرەچەشنیی پێیە.

لە تیرۆری شاریکەندیشدا تەنیا کوشتنی جەستەیەک مەبەست نەبوو، بەڵکوو هەوڵدانێک بوو بۆ سەرخستنی جۆرێک لە فیکر و کولتوورێکی سیاسی کە دەیهەویست وەک بیرێکی تاقانە بە ناوی هەمووانەوە و لەباتیی هەمووان بدوێ. ئەم تەیارە فیکرییە بەشێوەیەکی خورافی لای وابوو لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەس ئەو بەتەنیا بیرۆکەی بەختەوەریی مرۆڤی کورد و دوایین حەقیقەتی سەر گۆی زەویی لە تەنکەی باغەڵدایە. لە دۆزێکی واشدا ئیتر تیرۆر تەنیا بریتی لە ئەستاندنی ڕۆح لە جەستە و کەمکردنەوەی ژمارەی مرۆڤەکان نییە، بەڵکوو کردەوەیەکی تۆقێنەر و تاکتیکێکی توندوتیژانەیە بۆ خوڵقاندنی دۆخێکی گشتی بۆ دەستەبەرکردنی مەبەستێکی دیاریکراو و شەرعییەتدان بەخۆ.

ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نیشانی داوە چ ئەوانەی بەناوی ئایدۆلۆژیایەکی عەداڵەتخوازانەی تاقانەوە بانگەشەی بونیاتنانی بەهەشتی سەرزەوی و لە ئامێزگرتنی دوایین حەقیقەتیان بەگوێی خەڵکدا دەدا و چ ڕەوتی سەر بە تەیاری بونیادگەرایی ئیسلامی کە بە ناوی ئایینەوە خۆی بە سەنتەری بێئەملاوئەولای گۆڕەپانی سیاسی هەموو ئەم جیهانە پێناسە دەکەن، دوو مۆدێلی شکستخواردوو پتر نەبوون. بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەر دوو مۆدێل کوشتار و وێرانیی گەورەیان لێکەوتۆتەوە.

نووسینی ئەو چەند دێڕە لێرەدا دەنگێکە بۆ لەقاودانی تیرۆری مامۆستا شاریکەندی و لەهەمانکاتیشدا هەوڵێکە بۆ شکاندنی ئەو بێدەنگییە و بەدواداچوونی تر.

## شاریکەندی کێ بوو؟

کورد لە قۆناخێکدا نییە بتوانێ وەکوو هەموو گەلانی بەختەوەری سـەرزەوی ڕێز لە کەسـایەتییە مەزنەکانی خۆی بگرێ. هەرچەند پاش مەرگ و نەمان گەورەپیاوانی کورد دەبنە ڕۆحی پیرۆزی فریادڕەس و مەزاریان دەبێتە زیارەتگە و داماوان چلدانەیان لەسـەر دەگرنەوە و لەگەڵ ڕۆحی گەورەی ئەبەدییەت لێکیان ناکەنەوە، بزگوڕکێکی کەسـک و سـووری سـەرمەزاریان لە دەسـت و لاق دەبەستن، دەبنە ئاوی پاڵاوتەی شەوەکی لە گۆزەی دایکۆڵاندا بۆ دەرمان دەیخۆنەوە و دەبنە شیری بەری دای بۆ منالی سەر بێشکە و چەپکە گوڵی خۆشـەویسـتی کچ و کوڕی کورد بە بەرۆکیانەوە یان ڕەشـەریحانەی بەرپشـتوێن و مێخەک و سـملێ نوێبووکان، لە نوێژکردنی پێنجفەڕزەدا بەر لە ئیمامەکان ناویان دێنن... بەڵام بۆ ئێمەی کورد ئەمە هێشتا کەمە. داستانی بەهای چەقەڵەکەی پشتی شووشەی دووکانێک لە شەقامێکی بەغدا و کاکە هەژاری کوردی خوای شیعر و وشە کە فەرمووی جەستەی چەقەڵی زیندوو کەس بە قۆشـەیەک نایکڕێ و وەرزێڕانی کورد لە هەموو جێیەک ڕاوی دەنێن بەلام لە بەغدا پەیکەری لێ سـاز دەکەن و باییەکەشـی بە دە جووی پارە قورسی سنەیی هەر نادرێ.

یەک لە هەرەمەزنەکانی کورد هێژا و بەلیمەت مامۆسـتا کەریمی شـاریکەندی ناسراو بە مەلا کەریم بوو. کوردپەروەر و ڕاسـتگۆ و نەترس و حەقوێژ، قانع و سـەربەرز، وەفادار بە گەل و نیشـتمان و دوور لە فرتوفێڵ کە ناکرێ بە پێوانەی هیچ کام لە مەلا و پیاوە ئایینییەکانی سەردەمی خۆی هەڵیسەنگێنین. مامۆ ستا لە مزگەوتی مەولەویی شاری مەهاباد چرایەکی ڕووناکیدەر بوو کە ڕێبوارانی ڕێگای زانسـت و مرۆڤایەتی بە تیشـکی زانسـتی کەموێنەی ڕێگایان دەبڕی. زانای هەیئەت و ئەسـتێرەناسـی بوو. جیهان کەسـێکی دیکەی لەو سـەردەمەدا لە وێنەی ئەو لە زانسـتی کوردی و فارسـی و عەرەبیدا نەبووە. کوردێکی پاک و بێگەرد و نەترس کە ویقار و مەزنایەتییەکەی ئەوی کردبووە ڕۆگەی دڵدارانی کوردەواری. بەو حاڵەوە نە ئیددیعایەکی دەکرد و نە دەهاتە نێو بازاڕی بازرگانانی سیا سەتچییەوە. مامۆ ستا لە هەموو ساڵەکانی ژیانیدا بە سەربەرزی ژیا و هەرگیز لە بەرامبەر خواوەندانی زێڕ و زۆر سەری شۆڕ نەکرد و شێلگیرانە دژی ئەو کەسانەی بە دژی خەڵک و لە خزمەتی ساواکدا بوون خەباتی کرد.

کاک سـەید حەسـەنی هاشـمی لەو پەیوندییەدا دەڵێ: "مامۆسـتا مەلا کەریمی شـاریکەندی لە سـاڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە ئاوایی شـاریکەندی نزیک شـاری بۆکان لە کۆشـی بنەماڵەیەکی هەژار و دەسـتکورت لەدایک بوو لە تەمەنی ٨/٧ سـاڵان دەچێتە حوجرە و خەریکی خوێندن دەبێ. کاتێک بە پلەی موسـتەعیدبوون دەگات لە مەهاباد نیشـتەجێ دەبێ. هەر لە مەهاباد بەشـی زۆری لە خزمەت مامۆ ستا مەلا حو سێنی مەجدی درێژە بە خویندن دەدا و پا شان ئیجازەی مامۆ ستایی وەردەگرێ. لە دوای ماوەیەک دەچێتە نەغەدە و وەک مامۆسـتا و "مودەڕیس" لەوێ دەگیرسـێتەوە. دواتر دێتە شـاری مەهاباد و لە مزگەوتی سـوور وەک مامۆسـتا و مودەڕیس بە مانگانەیەکی زۆر کەم دەرس دەڵێتەوە و بەوپەڕی قەناعەتەوە ژیانی دەبردە سـەر. دەگێڕنەوە ئەو کاتەی مامۆسـتا لە نەغەدە دەبێ شای ئێران بۆ سەردان دەچێتە ئەوێ. مامۆ ستا شاریکەندی کە سێک بوو بە دوورودرێژی با سی هەژاری و نەداری و بێدەرمانیی خەڵکی ناوچەکە دەکات و لە پێڕانەگەیشـتنی کاربەدەسـتانی دەوڵەتی دەدوێ. ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کە نەیەڵن چی دیکە لە نەغەدە بمێنێتەوە و پاشـان بە ناچاری دەچێتە ئاوایی خەلیفان. مامۆسـتا بڕوایەکی تەواوی بە مافی نەتەوەیی کورد هەبوو و بۆ ئەو مەبەسـتە هەرچی لە توانایدا با کۆتایی نەدەکرد. لە کاتی ڕووبەڕووبوون لەگەڵ کاربەدەسـتانی ڕژێمی شـا و ئاخووندەکانی تازە بەدەسـەڵاتگەیشـتوو بە ڕاشـکاوی لە ڕەوابوونی داخوازییەکانی کورد دەدوا و پێی دادەگرت. هەربۆیە کۆماری ئیسلامی لە یەزیدیش ناخۆشتری دەویست و لە بیانوویەک دەگەڕا بەشێوەیەک لە بەینی بەرێ. مامۆستا شاریکەندی هەمیشە وەک خۆی لایەنگر و دۆ ستی فەقیر و هەژار و کەمدە سەڵات بوو. بۆ هەموو گیروگرفت و ناتەباییەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەخەم بوو و ئەوەندەی لە توانایدا بووبێ بۆ لابردن و کەمکردنەوەی ئەو گیروگرفتانە هەوڵی دەدا، جا ئێستا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کەسایەتییەکی بەو هەمووە تایبەتمەندییە ئین سانی و زانستییەوە مە سئوولینی کۆمەڵەی " سەردەم" بە کام سووچ و تاوان دە ستووری تیرۆری ئەو کەسـایەتییە مەزنەیان داوە؟!! دەبێ ڕۆژێک کۆمەڵە وەڵامی ئەو تاوانە گەورەیە بداتەوە. شـەهید حامیدی کوڕی وەک پێشـمەرگەی حیزبی دیموکرات دەگیرێ و بە ئیعدام مەحکووم دەکرێ، بەڵام مامۆسـتا قەت داوای شـکاندنی مەحکوومییەتەکەی لە جومهووریی ئیسـلامی نەکرد. دەکرێ بڵێین ڕەنگە سـازمانی کۆمەڵە ئەوەی بۆ بەحیسـابی وابەسـتەگیی مامۆسـتای بە ڕژێم گرتبێ!... بەڕاسـتی بە

بڕوایەکی تەواوەوە دەتوانم بڵێم مامۆستا مەلا کەریم هەتا ژیا سادقانە وەفاداری کورد و کوردستان بوو و بە سەربەرزی سەری نایەوە".

کاک حەسەنی ئەیووبزادە ناسراو بە مامۆستا گۆران لە نامەیەکدا بۆ نووسەری ئەم دێرانە لەسەر پلە و مەقامی زانستیی مامۆستا بەم شێوەیەی خوارەوە لە بیرەوەرییەکانی خۆی دەدوێ: "دوکتۆر محەمەدی مەجدی لە ناودارەکانی گەڕەکی مەجدی و شاری مەهاباد و کوڕی مەلا حوسێنی مەجدیی بەناوبانگ بە خەرمانلۆغەی زانستی بەرەکەتی ئەو مامۆستایە سەری لەنێو کۆڕی عارەوزمانان بەرز کردەوە. مەجدی لەڕاستیدا دانشنامەی دوکتۆراکەی هی مامۆستا کەریمی شاریکەندی بوو. من لە ساڵەکانی ٤٥ و ٤٦ تا ٤٩ لە شاری مەهاباد بووم و هاتوچۆی ئەو زاتە موبارەکەم دەکرد. شیعری سەردەمی کۆنی عەرەب وەکوو حەوت شیعری هەڵاوەسراوی شاعیرانی عەرەب و جەواهیروالبلاغەم لەلا دەخوێند. ڕۆژێک لەگەڵ مامۆستای قوتابخانە ئاغای شەهیدی لەلای بووین و هێشتا دەرسەکەمان دەست پێ نەکردبوو کە ئاغای محەمەدی مەجدی (ئەو کاتە دوکتۆرای نەبوو) وەژوور کەوت و لە خزمەت مامۆستادا ڕاوەستا. پاش وتووێژێکی کورت لە مامۆستای پرسیار کرد ئاخۆ ئاگای لە ڕیزە شیعرێکی کەون هەیە کە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە لە ناو زانایانی زمانی عەرەبیدا؟ کوتوپڕ ێک دوو شیعری عەرەبیی غلتەغڵت کرد و لەبیرم نییە چیی کوت. مامۆستا مەلا کەریم دەستی بە خوێندنەوەی سەرلەبەری کرد و کوتی ئەوە ٣٥ کۆپلەن. مەجدی واقی وڕما و چاوی لەبەر پێی خۆی کرد و چووە دەفکرەوە. دەمێک پاش لێی پاڕایەوە کە یارمەتیی بدات زانستنامەی دوکتۆراکەی لەسەر ئەو شیعرانە بنووسێ. ئەو زاتە مەزنەش بەڵێنیی پێدا. لەو ڕۆژەوە مەجدییش وەکوو ئێمە بوو بە قوتابیی مامۆستا. چەند مانگ دواتر مەجدی لە زانستگەی ئەهواز با سی مامۆستای کردبوو. گوایە داوای لێ دەکەن بۆ زیارەتی مامۆستا کاتێکیان بۆ وەربگرێ تا مامۆستاکانی زانستگە بێنە لای. ئەویش پێیان دەڵێ: کاتی پێویست نییە مەلایەکی کوردە و لە حوجرەی مزگەوتێکە و هەموو دەتوانن بچنە لای. ئەوان کە ئەمە دەبیستن ئیدی باسی ناکەنەوە. بەڵێ بەلیمەتەکانی گەلی بێوڵات دەبێ لە گۆشەی مزگەوتان کەڕوو هەڵێنن و بێهونەران لە چێشتخانەی لۆکسی ئەم جیهانە ورگیان بلەوەڕێنن... وەک دەڵێن قاتڵ یان قاتڵەکانی ناسراون و دەبێ ڕۆژێک بێ لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم جینایەتە ڕووی ڕاستەقینەی ئەم پیلانە خائینانەیە لادرێ و ئەوانە بدرێن بە دادگای گەلی کورد. لە کاتی کوژرانیدا گۆیا کۆمەڵە لە میراوێی سەردەشت ئەم جینایەتە وەئەستۆ دەگرێ...".

ڕێزدار کاوە موکریانییش لە نوو سینێکیدا بۆ نوو سەری ئەو بابەتە، لە چەند بە شێکی نامەکەیدا ئاوا لە کە سایەتیی مامۆ ستا دەدوێ: "مامۆستا شاریکەندی دەبیری ئەدەبیاتی عەرەبی بوو. من هەر زۆر زوو بۆم دەرکەوت کە مامۆستا کوردێکی توندوتیژە و لایەنگرێکی تۆخی بارزانییە. ئیرادەتی مامۆستا بە بارزانی بە ڕادەی ئیرادەی مامۆستا هەژار بە بارزانی بوو... شیعەی بە ئیسلام نەدەزانی. دەگەڵ ئەو مەلا شیعانەی کە لە عەجەمستانەوە بۆ کوردستان دوور خرابوونەوە، بەردەوام خەریکی کێشە بوو. شەوێک لە مزگەوتی مەولەوی کە خەڵکێکی زۆریشی تێدا کۆ ببۆوە، مەلا کەریم مەلای عەجەمانی بە بەحس هەڵگرتن و دەردێکی دانێ دەرمانی نەبێ... مامۆستا مەلا کەریم لە سەرەتای خۆپێشاندانەکانی سەردەمی ساواکدا شانبەشانی خەڵک دەهاتە دەرێ. لە شەهیدبوونی جەعفەری فەقێ یەعقووبیدا، مەلا کەریم لەسەر قەبران قسەی کرد. شەجەرەنامەی کوردانی ئەوەندە بە قووڵایی تاریخدا بردە خوار کە حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسماعیل و یەعقووبی بە کورد دانان... کوڕە گەورەی مامۆستا شاریکەندی (حامید) پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بوو، بەرپرسی تۆپی ١٠٦ بوو، لە زۆربەی چالاکییەکان ئازایەتیی نواند. حامید دوای ماوەیەک پێشمەرگایەتی، هاتەوە شار و بەبێ ئەوەی خۆی بدا بەدەست و خۆی بناسێنێ، لەنێو شاردا دەگەڕا. سەرەنجام گرتیان و خستیانە بەندی تەنیایی. باوکم و چەند ڕیشسپیی گەڕەک بە مامۆستایان گوتبوو کە حامید لە ئەگەری ئێعدامدای و پێویستە مامۆستا شفاعەتێکی بۆ بکا. بەڵام مامۆستا ئەوەندە جوامێرانە جوابی دابوونەوە کە لە هەموو مەجلیسێکدا دەیانگوتەوە: ئەوە هات و کوڕی ئێوەیان گرت و ئێعدامیان کرد، ئەو کات چلۆن من لەبەر ئێوە سەرم هەڵدێت؟

بە باوەڕی من مامۆستا شاریکەندی کوردێکی زانای شارەزای ڕاست و دروست بوو. قەت سەری بۆ هیچ دەزگایەکی حکومەتی خوار و لار نەکردەوە و شەرەفی خۆی نەخستە گرەوی پلەوپایەی دە سەڵاتداری. مامۆ ستا بە معا شی فەرهەنگی و دەرسگوتنەوەی خۆی ماڵباتی بەڕێوە دەبرد. لەگەڵ شێخ و شێخایەتی دژ بوو. باوەڕمەندێکی ڕاست و دروستی دینی و نەتەوەی خۆی بوو".

مامۆستا حەسەنی نوزهەتزادەش لەمبارەوە لە نامەیەکدا بۆ نووسەری ئەم دێڕانە دەنووسێ: "مەلا کەریمی شاریکەندی عالمێکی گەورەی ناوچەی مەهاباد بوو، پیاوێکی زانا بوو، ئەهلی نەزەر بوو، لایەنگری هەبوون، بۆ زۆر شت خەڵک دەچوون و پرسیاریان لێ دەکرد. وەکوو سیاسەت حیزبە چەپەکانی خۆش نەدەویست، تێکەڵکردنی ئیسلام و سۆسیالیزمی بۆ شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێ دروست نەبوو، لایەنگری قیادەی موەقەتو بارزانییەکان بوو. بیروبۆچوونی لەسەر مەسەلەی کورد، نە وەکوو شێخ عێزەدین و نە وەکوو ئەحمەدی موفتیزادە بوو، تێکەڵکردنی ئیسلام و سۆسیالیزمی پێ دروست نەبوو، وەکوو ئەحمەدی موفتیزادەش موریدی خومەینی نەبوو...". (نامەی مامۆستا حەسەنی نوزهەتزادە لە ڕێکەوتی ٦ی ١٠ی ٢٠٠٠ی زایینی بۆ نووسەری ئەو دێڕانە).

## نەورۆزانەی کۆمەڵە بۆ خەڵکی کوردستان

سروشت تازە دەهات بەرگی خۆی نوێ بکاتەوە و جێ بە سەرما و سۆڵەی زستان لێژ بکا، هێشتا تەنیا یەک ڕۆژ لە دەسپێکی ساڵی نوێ تێپەڕیبوو، گەڵاڵەی لەپێشـداداڕێژراوی بکوژانی شـاریکەندی خرایە کار. هەواڵی تیرۆری مامۆسـتا شـاریکەندی بەخێرایی بەنێو شـاری مەهاباد و دەوروبەردا بڵاو بۆوە و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە دۆخی ئاسـایی شـار بەخێرایی تووشـی شـڵەژان هات. لە مەهاباد بە نیشـانەی مەحکوومکردنی ئەو تاوانە و بۆ ڕێزدانان لە کەسـایەتییەکی کە بە سـاڵانێکی دوورودرێژ بەشـداریی خەم و خۆشـییەکانی ئەو خەڵکەی کردبوو، دووکان و بازاڕی شـار بەتەواوی داخران و شـار لە خەمێکی گەورە ڕاچوو. تەرمی شـاریکەندی لەسـەر شـان و باهۆی ئاپوورەی خەڵک بۆ بەخاکئەسـپاردن بەرەو قەبرسـتان بەڕێ کرا. ئەمە پەیامێکی چاوەڕواننەکراو بوو بۆ بکوژانی شاریکەندی و گەڵاڵەداڕێژەرانی ئەو تاوانە.

دیارە بۆ کوشـتنی شـاریکەندی هونەرێکی ئەوتۆی نیزامیی پێویسـت نەبوو. ئەو نە بە ماشـێنی ئاخرسیسـتەمی دژەگوللە هاتوچۆی دەکرد و نە پێوسیتیی بە پاسەوانی و پارێزەری تایبەتییش هەبوو. مامۆستایەکی زانا و لەهەمانکاتدا خۆنەویستی کورد چ شتێکی لە خۆیدا شـک دەبرد بۆ ئەوەی بیر لە خۆپاراسـتن و پارێزگاری بکاتەوە؟ ئەو سـەربەرزانە تەمەنێکی دوورودرێژی لەنێو خەڵکی ئەو شـارەدا بەسـەر بردبوو. بۆ خەڵکی ئەو شـارە ببووە جێگای هاوار و بانگ. هەموو کەس دەیتوانی ببینێ و لە نزیکەوە چاوی پێی بکەوێ و سـفرەی دڵی لای بکاتەوە. بۆیە تیرۆرکردنیشـی نەدەبوو کارێکی هێندە زەحمەت و چەتوون بێ. هەتا ئێرە بۆ بکوژانی شاریکەندی هەموو شتێک لەسەر چۆک و بە سانایی چووە پێش. ئەوان توانییان لە کەمتر لە چەند چرکەیەکدا کردەوەی تیرۆریستیی خۆیان سـەرکەوتووانە بە ئەنجام بگەیەنن. بەڵام لێرە بەدواوە نەدەبوو هەموو شـتێک بە سـوودی بکوژانی شـاریکەندی بچێتە پێش. ڕەنگە بکوژانی شـاریکە ندی بۆ بەڕێوەبردنی کردەوەی جی نایەتـکارانە یان بیر یان لە هەموو کار قایمییەک کردبێتەوە، بەڵام لە هەڵسەنگاندنی دەروونناسیی خەڵکدا بە هەڵەدا چوون و بەتەواوی توو شی شکست و ناکامی بوون. بە شداریی بەرینی خەڵک لە ڕێوڕەسـمی بەخاکسـپاردنی شـاریکەندی نیشـانەیەک بوو لە خۆشـەویسـتیی شـاریکەندی لەنێو دڵی خەڵکدا. ئەگەر بۆ کۆمەڵە کە سایەتیی شاریکەندی وەک بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامی حوکمی لە سەر درابوو، بۆ کۆمەڵانی خەڵک ئەمە ڕا ست بەپێچەوانە بوو. دوایین ماڵاوایی خەڵک و شـاریکەندی لێکتر بەڵگەیەکی حاشـاهەڵنەگر بوو بۆ قووڵایی ئەو پەیوەندییە. ڕق و بێزاریی خەڵک بەرامبەر بە تیرۆری ناجوامێرانەی مامۆسـتا شـاریکەندی، ڕێبەرانی کۆمەڵەی تووشـی سـڵەمینەوە کرد. ئەوە ڕاسـتە لە میراوێی سـەردەشـت بۆ چەند کاتژمێرێک لە پتەیان دەردەچێ و بەرپرسـایەتیی ئەم تاوانە سـامناکە دەگرنە ئەسـتۆ، بەڵام زۆر زوو دوای بیستنەوەی دژکردەوەی خەڵک لە شاری مەهاباد بڕیاری بێدەنگی دەگرنە بەر. ترس لە بیروڕای گشتی هۆکارێکی هەرەگەورە بوو بۆ ئەوەی کۆمەڵە بەرپرسایەتیی ئەم تاوانە بەڕەسمی نەگرێتە ئەستۆ.

بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە بە ئاشکرابوونی دەستبەجێی ناسنامەی بکوژانی شاریکەندی و مەحکوومکردنی ئەو تاوانە لەلایەن حیزبی دیموکراتی کورد ستانی ئێرانەوە کۆمەڵە نە شیدەتوانی خۆی لەو تاوانە بێبەری بکا. وتاری: "چرا حزب دمکرات از ملا کریم شاریکندی د فاع می‌ک ند و ترور او را به کومله نسـ بت می‌د هد"، ڕەنـگدانەوەی ئەو دۆخە بوو کە ڕێبەرانی کۆمەڵە بەدەسـتی خۆ یان خوڵقاندبوویان. لەلایەک دەسـتیان دابووە تاوانێکی بێبەزەییان و بێ سـووچ و تاوان شـاریکەندییان تیرۆر کردبوو و لەلایەکی دیکە شەوە بەهۆی ترس لە بیروڕای گشتیی کۆمەڵی کوردەواری نەیاندەوێرا بەڕە سمی بەرپرسایەتیی ئەو کردەوەیەیان بگرنە ئە ستۆ. کۆمەڵە بۆ دەربازبوون لەم تەنگەژەیە ڕووی لە گەندەڵفێڵییەکی تر کرد. لەو گەندەڵفێڵیەدا بێشـەرمیی سـیاسـی بەوپەڕی خۆی گەیاند. کۆمەڵە کاتێک نەیوێرا دان بە کردەوەی تیرۆریسـتیی خۆیدا بنێ، ڕووی لە ناوزڕاندن و تۆمەتلێدانی ناڕەوا کرد. هەر دەڵێی بۆ بڕیاردەرانی تیرۆری شاریکەندی، تیرۆری جە ستەی شاریکەندی هێ شتا کەم بوو نەیدەتوانی سوکنایی بە قینلەدڵیی ئەوان بێنێ. دەبوو تاوانبارانی کوردکوژ بیر لە سـیناریۆیەکی قێزەونی تریش بکەنەوە. سـیناریۆی دوای تیرۆری جەسـتە، تیرۆری ناوبانگ بوو. تیرۆری کەسـایەتی و لێدانی تۆمەتی ناڕەوا و بێبەڵگە و تەنانەت ئێعدامی سـەرلەنوێی ڕۆحی شـاریکەندی بە مردوویی بوو. لەو تەوژمە نوێیەدا با پێکەوە لە دژکردەوەی کۆمەڵە بڕوانین: "روز ۲،۱،۶۱ ملا کریم شـاریکندی یکی از همکاران و مدافعین رژیم جمهوری اسلامی در مهاباد ترور شد... حزب دمکرات همزمان و هماهنگ با مزدوران رژیم و مزدوران قیاده موقت ملا کریم را شهید

می‌نامد، ترور او را محکوم می‌کند، برایش عزاداری می‌نماید، او را اســـتاد مبارز و روحانی بزرگ لقب می‌دهد... حال این حزب دمکرات اســت که باید به خواســت خلق کرد جواب دهد که چگونه به خود اجازه می‌دهد با بی‌شرمی تمام، یک همدســت آشـکار و مهم رژیم جمهوری اســلامی را شــهید بنامد؟... آنان چنان از ملا کریم ســخن می‌گویند که گویا او شــهید خلق کرد اســت و به مردم مهاباد تســـلیت می‌گویند. خیر، ملا کریم شـــهید خلق کرد نبوده، او همیشـــه علیه خلق کرد بود". (چرا حزب دمکرات از ملا کریم شاریکندی دفاع می‌کند و ترور او را به کومله نسبت می‌دهد؟ سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران کومله، به نقل از خبرنامه‌ی ۱۶۸ کومله).

## تاوانی شاریکەندی چ بوو؟

لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە شاریکەندی تاوانبارێکی گەورە دەهاتە ئەژمار. لە ئەدەبیاتی سیاسیی کۆمەڵەدا کەسایەتیی شاریکەندی وەک بەکرێگیراوێکی خۆفرۆش بە کۆماری ئیسلامی پێناسە دەکرا. لە کە شوهەوای سیاسیی ئەوکاتی کوردستانیش چارەنووسی کەسێکی خۆفرۆش و بەکرێگیراو جگە لە کوشتن نەیدەتوانی شتێکی تر بێ. مێژووی دژایەتیی کۆمەڵە لەگەڵ شاریکەندی لەو ساڵانەدا بە دوو قۆناغی جیاوازدا تێپەڕی. قۆناغی یەکەم ئەو کاتە بوو کە تازە ڕژێمی پاشایەتی لە ئێراندا ڕووخابوو، هەموو شار و گوندەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی هێزە سیاسییەکانی کورددا بوو. بۆ کۆمەڵە گەورەترین تاوانی شاریکەندی لەو قۆناغەدا دەستپێدەکا، ئەویش دژایەتیی شاریکەندی لەگەڵ ماددەی ٨ بوو. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی شا کۆمەڵە و مامۆستا شێخ عێزەدینی حوسێنی هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانی نێوان دوو حیزبی سەرەکیی باشووری کوردستان بۆ سەحنەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگوێزرێ. کۆمەڵە و مامۆستا شێخ عێزەدین لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی ماڵی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە ئەرکی دژایەتیکردنیان لەگەڵ پارتی دیموکرات (قیادەی موەقەت) لە کوردستانی بندەستی ئێران گرتبووە ئەستۆ. کاتێک بۆ یەکەم جار گەڵاڵەی داخوازییەکانی کورد لە شاری مەهاباد بۆ پێشکەشکردن بە دەوڵەتی کاتیی بازرگان ئامادە دەکرا، لەسەر پێداگریی کۆمەڵە و مامۆستا لە بەندی ٨ی ئەو گەڵاڵەیەدا بە ناڕەوا داوا لە دەوڵەتی ئێران دەکرێت قیادەی موەقەت لە ئێران دەر بکرێ. شاریکەندی بەتەواوی دژی ئەو ماددەیە بوو. نەیارێتی شاریکەندی لەگەڵ ماددەی ٨، بەخێرایی ئەوی خستە پۆزیسیۆنی نەیاری کۆمەڵە و مامۆستا شیخ عێزەدینەوە.

حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێران لە بنەڕەتڕا ا لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە بۆ جۆری داڕشتنی سیاسەتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەڕوانی. لە ڕوانینی ئەو حیزبەدا جێگایەک بۆ تۆڵەئەستاندنەوەی سیاسی لەئارادا نەبوو. سەرەڕای ئەو غەدرە گەورەیەی لە ساڵەکانی ٤٧-٤٦دا لە تێکۆشەرانی ئەو حیزبە کرابوو، هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو سەحنەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکرێتە گۆڕەپانێک بۆ دژایەتی لەگەڵ لایەنێکی سیاسی با شووری کوردستان و پشتیوانیکردن لە لایەنێکی تر. لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتەدا ئەسڵ لە سەر ڕێزدانانی بەرامبەر و دەستتێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی هێزە سیاسییەکانی کورد دانرابوو. بەڵام لە کەشوهەوای سیاسیی ئەو کاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بردنەپێشی سیاسەتێکی سەربەخۆی ئەوتۆ کارێکی ئاسان نەبوو. ئەم سیاسەتە بەتوندی لەلایەن کۆمەڵە و مامۆستا شیخ عێزەدینەوە کۆسپ و تەگەرەی دەخرایە سەر ڕێ و بە هێنانەگۆڕی مەسەلەی وەک ماددەی ٨ لەگەڵ گرفتی بەرەوپێشچوون بەرەوڕوو دەکرایەوە. بۆ تێگەیشتن لە کەشوهەوای سیاسەتی کۆمەڵە لەو کاتەدا وەبیرهێنانەوەی ئەو چەند دێڕەی خوارەوە لەوە ناچێ چ زەرەرێکی بۆ پەز هەبێ، کۆمەڵە دەنووسێ: "قیادەی موقت بسیار صریح و روشن می‌گوید کە ملا کریم اولین کسی بود کە بر علیە بند ٨ ضدانقلاب در کردستان و پشتیبانی از پارت دمکرات کردستان (قیادەی موقت) موضعگیری کرد. مقصود قیادەی موقت از بند ٨ "ضدانقلاب" مادەی هشتم اولین طرحی است کە بعد از قیام در شهر مهاباد بە نمایندگان دولت ارائە شد کە در آن بعضی از مطالبات دمکراتیک و عادلانەی خلق کرد را در برابر دولت موقت مطرح می‌سازد. رفقای ما در گنجاندن مادەی هشتم و طرح مذکور نقش فعالی ایفا کردند. حزب دمکرات بعد از مدت کوتاهی متوجە شد کە این مادە زد و بند او را با قیادەی موقت می‌بندد و بسیاری از مسئولین حزب بارها از اینکە بە امضای چنین مادەای تن در دادەاند ابراز نارضایتی و پشیمانی کردەاند". (بڕوانە خەبەرنامەی کۆمەڵە، ژمارەی ١٦٨، چرا حزب دمکرات از ملا کریم...)

باڵانسی هێز و پێگەی جەماوەریی حیزبی دیموکرات ڕێگای ئەوەی لە کۆمەڵە بڕیبوو بۆ جێخستنی سیاسەتەکانی بیر لە سیناریۆیەکی تر بکاتەوە. بەڵام داخوا لە تێهەڵکەوت لەگەڵ مامۆستا شاریکەندی چی؟ شاریکەندی نە خاوەنی حیزبی سیاسی بوو نە خاوەن هێزێکی چەکدار بۆ بەرەنگاربوونەوە لەحاند هەر چەشنە هەڕەشەیەک کە ڕووبەڕووی بوایەتەوە. هێزی شاریکەندی لەڕاستیدا هێزێکی مەعنەوی و پەیوەندییەکی ڕۆحی بوو لەگەڵ خەڵکی شارەکەی. هەربۆیە دەکرا بیر لە گرتنەبەری توندوتیژی و تیرۆری جەستەی مامۆستایەکی تەنیاباڵی کورد بکرێتەوە. حەوت ڕۆژ بەر لەوەی تیرۆری شاریکەندی بەڕێوە ببردرێ (واتە دووشەممە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٦٠ لە خەبەرنامەی ١٦١دا) بێ هیچ هۆکارێک و بەبێ ئەوەی چ هەڵوێستێکی تایبەتی لەلایەن شاریکەندییەوە بە دژی کۆمەڵەوە ڕاگەیەنرابێ، بە خۆفرۆشی ڕژێم ناسێنرا. ڕەنگە لەو کاتەدا کەس ئەوەی بەبیردا نەهاتبێ ئەم هێرشە تەبلیغاتییە

شتێکی مەبەستدارە و تەمەنی شاریکەندی تەنیا حەوت ڕۆژی تری بەبەرەوە ماوە و بڕیاری کوشتنی دراوە. کۆمەڵە بۆ ڕچەشکێنی و پێکهێنانی زەمینەی لەبار بۆ تیرۆری شـــاریکەندی لە وتارێکیدا بە ناوی "حزب دمکرات بر علیە کوملە با هر مرتجعی همصـــدا میشـود"، دەنووسـێ: "چە کسـی با کثیفترین مرتجعین محلی از قیادەی موقت، سران مزدور رزگاری، اربابان منگور (کە اکنون همە جاش مسلح رژیماند) تا اشخاص خودفروختەای نظیر ملا کریم شاریکندی و مالکین و سرمایەداران در سراسر کردستان، علیە مردم و نیروهای انقلابی ساخت و پاخت کردە است؟". (بڕوانە خەبەرنامەی کۆمەڵە ژمارەی ١٦١، شنبە، بیست و چهار اسفند ماە ١٣٦٠).

شـــاریکەندی کێی فرۆشـــتبوو، چیی فرۆشـــتبوو، لەو نووســـینەی کۆمەڵەدا نادیار و بێوەڵامە، هەروەها بۆ خوێنەر ڕوون نابێتەوە شـــاریکەندی لە بەرامبەر چیدا خۆی بە کۆماری ئیســـلامی فرۆشـــتبوو. جگە لەوەش کاتێک بە وردی لەم چەند دێڕەی کۆمەڵە ورد دەبینەوە مەسەلەیەکی سەرنجڕاکیشی تر هەست پێدەکەین. ئەویش ئەوەیە کە حوکمی تیرۆری شاریکەندی لە بەرزترین ناوەندی بڕیاردانی کۆمەڵە هاتۆتە پەســـند کردن. (خەبەرنامەی کۆمەڵە لەو کاتەدا تەنیا ئۆرگانی کۆمەڵە بوو کە لە دووتوێی ئەودا ڕێبەریی کۆمەڵە لە جۆری هەڵوێست و سیاسەتەکانی دەدوا). هەربۆیە لەپێشدا بەهۆی ئەم بڵاڤۆکە باس لە خۆفرۆشبوونی شاریکەندی لە ئەدەبیاتی سـیاسـیی کۆمەڵەدا دێتە گۆڕێ و پاشـان لە ڕۆژی ٢ی ٢ی ١٣٦١دا تیرۆر دەکرێ. ئەم دوو کردەوەیە نیشـانەی ئەوەن کە تیرۆری شاریکەندی و هێرشی تەبیلغاتی بەوێنەی تەواوکەری یەکتری لە ڕێبەریی کۆمەڵدا بڕیاریان لەسەر دراوە. هەموو نیشانەکان لەوە دەدوێن تا ئەو کاتەی شـــاری مەهاباد لەژێر دەســـەلاتی هێزی پیشـــمەرگەدا بوو، کۆمەڵە نەیدەتوانی بە تاوانی دژایەتیی شـــاریکەندی لەگەڵ ماددەی ٨ بیر لە تیرۆری ئەو بکاتەوە. بەڵام داگیرکردنەوەی شـــارەکانی کوردســـتان و حاکمبوونی کەشوهەوای شـەڕ، کۆمەڵە دێنێتە سـەر ئەو باوەڕە دەتوانێ بیر لە کوشـتنی شـاریکەندی بکاتەوە. هەر ڕاسـت لەو قۆناغەدایە توندترین هێرشی تەبلیغاتیی کۆمەڵە کرایە سەر شاریکەندی. لە چاوتروو‌کانێکدا کرا بە خۆفرۆش و کرا بە هاوکار و بەکرێگیراوی ڕژێم. لەپشت لێدانی ئەو جۆرە تۆمەتانە شەوە مەبەستێکی شاراوە نووستبوو. بە لەقەڵەمدانی شاریکەندی وەک کە سێکی خۆفرۆش بە ڕژێم، کۆمەڵە لە هەوڵی ئەوەدا بوو بەرەبەرە تابلۆیەکی قیزەونی ئەوتۆ لە سیمای شاریکەندی وەکێشێ کە خەڵک بە بیستنی هەواڵی تیرۆری نەتەنیا بە دژی کۆمەڵە نەورووژێن، بەڵکوو دەسـتخۆشـانەشـی لێبکەن. لەنێو هەناوی خوێندنەوەیەکی وادایە گەڵاڵەی تیرۆری شـاریکەندی دادەڕێژرێ و بەڕێوە دەچێ. دژکردەوەی خەڵک کۆمەڵە ناچار دەکا بەڕەســـمی تیرۆری شـــاریکەندی نەگرێتە ئەســـتۆ، بەڵام لە بەرامبەردا بە ڕیزکردنی کۆمەڵێک تۆمەتی هەڵبەســـتراوی نەســـەلمێندراو، دەیهەوێ لە کردەوەدا ئەوە بە خوێنەری خۆی بڵێ کە شـــاریکەندی شـــایانی کوشـــتن بوو، دەبوایە تیرۆر کرابایە. ئەوەی لێرە بەدوایە دەخرێتە ڕوو لەڕاســـتیدا ئیددیعانامەی کۆمەڵەیە بۆ ئەنجامی ئەو تاوانە.

## ئیددیعانامەی کۆمەڵە لەمەڕ تیرۆری شاریکەندی

کۆمەڵە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم تیرۆرە هەوڵ دەدات بە پشتبەستن بەو هۆکارانەی خوارەوە شەرعییەت بە تیرۆری شاریکەندی بدا: "اگر گفته‌های ما تاکنون برای اثبات این امر کافی نبوده است بگذارید به‌طور مختصر تاریخچه‌ی زندگی سیاسی او را طی چند سال اخیر مرور کنیم: هنگامی که تظاهرات و جنبش سرتاسری توده‌ها علیه رژیم شاه در حال اوجگیری بود او در گسترش این جنبش در میان مردم مهاباد نقش ترمزکننده‌ای داشت. او تحت عنوان اینکه (این جریانیست مربوط به شیعه‌ها و ما که سنی هستیم نباید خود را قاطی آن‌ها کنیم) هم مانعی در برابر تظاهرات علیه رژیم شاه بود و هم به اختلافات مذهبی دامن می‌زد. اما زمانی که رژیم شاه سرنگون شد و جهت قدرت را تشخیص داد، طرفدار سرسخت رژیم جمهوری اسلامی در ایران و قیاده‌ی موقت در کردستان بود. خود اظهارات رادیوی قیاده‌ی موقت پشتیبانی او را از این نیروی مزدور که در سرکوب خلق کرد نقش فعال ایفا کرده است به بهترین وجهی ثابت می‌کند. به‌علاوه مردم این را فراموش نکرده‌اند که هنگام تدفین ملا مصطفی بارزانی در اشنویه چندین بار فریاد زد: (برقرار باد رژیم جمهوری اسلامی به رهبری امام خمینی!). بعد از هجوم نیروهای سرکوبگر جمهوری اسلامی به کردستان، او در شهر ماند و نه‌تنها هیچگونه دفاعی از خلق کرد ننمود بلکه هنگام آمدن بازرگان به مهاباد به استقبال او شتافت. وقتی که آتش‌بس برقرار شد و کنترل شهرها در دست پیشمرگان بود او چون این پیروزی نسبی را به حال خود مفید نمی‌دید و به امید اینکه این وضع دوام نیاورده و رژیم دوباره به شهرها مسلط خواهد شد گوشه‌نشینی اختیار کرد. (در این باره ما از همکاری مخفیانه‌ی او با رژیم و حزب دمکرات خبر نداریم). اما درست بعد از اینکه رژیم جنایتکار جمهور اسلامی بر شهر مهاباد حاکم می‌شود ملا کریم هم فعالیت‌هایش را آغاز می‌کند، رژیم صحبت‌هایش را همیشه از رادیو پخش می‌کند و به مجامع و میتینگ‌ها اعزامش می‌دارد. و برخلاف ادعای حزب دمکرات همدست کسانی بود که فرزندش را به شهادت رساندند و بنابه ماهیتش نمی‌توانست کوچکترین اعتراضی هم به جانیان همکارش بکند. رفتن ملا کریم به هفته‌ی وحدت بنا به دعوت منتظری همزمان با آغاز موجی دیگر از اعدام‌های دسته‌جمعی در شهر مهاباد بود. او سپس کوشش می‌کند که با آرایش چهره‌ی رژیم، کینه و نفرت مردم مهاباد را نسبت به رژیم جلاد تخفیف دهد (ما به موقع این کار او را افشا کردیم). فکر می‌کنیم دیگر کافی باشد. اگر ما کشتن ملا کریم را از سوی خود تکذیب می‌کنیم نه بدان دلیل است که او را از گناهانش مبرا بدانیم بلکه بدان علت است که ما به دلیل اینکه او هنوز به‌طور کامل بین توده‌های مردم افشا نشده بود نمی‌توانستیم و نمی‌خواستیم چنین سیاستی را اتخاذ کنیم. (سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران کومله، خبرنامه‌ی شماره‌ی ١٦٨).

ئیددیعانامەی کۆمەڵە بۆ بەڕەوازانینی تیرۆری شاریکەندی بە جۆرێک لە جۆرەکان حوکمی دادگاکانی کۆماری ئیسلامیمان دەخاتەوە بیر. لەم بێداگاییەی کۆمەڵەدا نە بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی تاوانی تاوانبار بە پێویست دەزاندرێ و نە تاوانبار مافی ئەوەی دەبێ دەنگێکی لێوە بێ و نە دەرفەتی ئەوەی پێ دەدرێ دیفاعێک لە بێ تاوانیی خۆی بکات. سەرجەمی ئەو بە ناو تاوانانەی بۆ حەڵاڵکردنی خوێنی شاریکەندی خرانە ڕوو شتێک زیاتر لە کۆمەڵێک دروشمی بێبەڵگە و تاوانی هەڵبەستراو نین. با لە نزیکەوە لە کۆتایی ئەم وتارەدا بڕۆکەیەک لە هەر کام لەو تاوانانە ورد بینەوە:

- بەگوێرەی ئەوەی لە دەقی ئیددیعانامەکەی کۆمەڵە خرایە ڕوو، یەکێک لە تاوانەکانی شاریکەندی ئەوە بوو دژایەتیی لەگەڵ شیعەگەری کردووە، خەڵکی لە خۆپیشاندانەکانی دژی ڕژێمی شا دڵسارد کردۆتەوە و دەوری تێکدەرانەی گێڕاوە. ئەم ئیددیعایەی کۆمەڵە لە بنەڕەتڕا فڕی بە ڕاستییەوە نەبووە. شاریکەندی نەتەنیا خەڵکی بۆ خۆپیشاندان بە دژی ڕژێمی شا دڵسارد نەکردۆتەوە، بەڵکوو بۆ خۆی لە ڕیزی پێشەوەی ئەو خۆپیشاندانانە بووە. وتەکانی ڕێزدار کاوە موکریانی باشترین بەڵگە بۆ نیشاندانی ئەو چەواشەگەرییانەیە.
- بەگوێرەی ئەوەی لە وتارەکەی کۆمەڵەدا هاتبوو تاوانی دووهەمی شاریکەندی ئەوە بوو لە کاتی بەخاکسپاردنی بارزانی، چەند کەڕەت دروشمی: "برقرار باد رژیم جمهوری اسلامی به رهبری امام خمینی"، بە زاردا هاتووە. ڕیزکردنی ئەم تاوانەش وەک تاوانی یەکەم پتر لە هەڵبەستراوێکی دوژمنانە شتێکی تر نەبوو. بەگوێرەی وتەی چەند شاهیدێک کە لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار بوون، شاریکەندی لەوانە گەورەتر بوو دروشمێکی وای بە زاردا بێ. ئەگەر لێرەدا بە وردی لە هەردووکی ئەو

تاوانانە بڕوانین ناتەباییەکی گەورەش لەنێوان ئەم دوو تاوانەدا دەبینرێ. لەلایەکەوە لە تاوانی یەکەم شـــاریکەندی بە دوژمنی شیعەگەری پێناسە دەکرێ، بەڵام لە تاوانی دووهەم دەکرێتە کەسێکی لایەنگری ڕووحانییەتی شیعە.

- بە وتەی کۆمەڵە بڵاوبوونەوەی ســوخەنڕانییەکانی شــاریکەندی لە ڕادیوی ســەر بە ڕژێم تاوانێکی تری شــاریکەندی بوو. گرفتی ئەو شــێوە حوکمدانەی کۆمەڵە لێرەدا ئەوەیە ناڵێ لە کام ڕادیۆ و لە چ بۆنەیەکدا ســوخەنڕانیی شــاریکەندی بڵاو کراوەتەوە. ئەوەش بۆ خوێنەر ڕوون ناکرێتەوە نێوەرۆکی قسە و بابەتەکانی شاریکەندی چ بوون؟ دەکرێ دوای تێپەڕبوونی پتر لە ٢٧ ساڵ لەو تیرۆرە داوا لە کۆمەڵە بکرێ گۆشەیەکی بچووک لە نێوەرۆکی ئەو قسەوباسانە بۆ خەڵک بخەنە ڕوو و خەڵک قەزاوەتی لەسەر بکەن؟
- دوایین تاوانی وەپاڵدراوی شاریکەندی بریتییە لەو دوو دێڕەی خوارەوە: (او برخلاف ادعای حزب دمکرات همدست کسانی بود که فرزندش را به شـهادت رسـاندند و بنا به ماهیتش نمی‌توانسـت کوچکترین اعتراضـی هم به جانیان فرزندش بکند). ماهییەت چییە و مەبەســتی کۆمەڵە دەبێ لە ماهییەت چ بێ، ناڕوونە! ماهییەتی هەر ئینســـانێک، ڕەفتار و کردار و فەلسەفە ژیانی دیاری دەکات. پێوەریش بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ماهییەتە کۆمەڵگایە، کۆمەڵگاش بە ئاگایی و زانستەوە لە کار و کاردانەوەی کەســایەتییەکانی دەڕوانێ. ماهییەتی مامۆســتا شــاریکەندی ماهییەتی ئینســانێکی خاوەن کەرامەت، باوەڕمەند بە گەوهەری پاکی ئینســـانی، ســـەردانەنواندن لەحاند دوژمندا تەنانەت بۆ ڕزگارکردنی کوڕەکەی خۆی بوو. لە فەلســەفەی ژیانی شــاریکەندیدا جێگایەک بۆ پاڕانەوە لە دوژمن نەبوو. هەر ئەوەی کە کۆمەڵە نەیوێرا بەڕەسـمی دان بە ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا بنێ، هەم لەلایەک جێگا و پلە و ماهییەتی شاریکەندی لەنێو خەڵکدا بەباشی دەرخست و هەم ماهییەتی بڕیاردەرانی ئەم تاوانە. لەڕێگای ئەو دێڕانەوە مرۆڤ بەتەواوی هەســت پێدەکا کۆمەڵە تا ســەر ئێســقان ڕق و قینێکی پەنگخواردووی بە دژی شــاریکەندیی لە هەناودا بووە. ئەو ڕق و قینە نە ســنوورێک بۆ ئینســـاف و ڕاســتگۆیی دێڵێتەوە و نە سنوورێک بۆ دوژمنایەتییش. بەمەبەستی سەرپۆشدانانی تیرۆری شاریکەندی کۆمەڵە دەبوو تابلۆی نەفرەت لە ماهییەتی شـــاریکەندی چێ بکات. بۆیە ماهییەتی شــاریکەندی دەبوو تا ئەو ڕادەیە قیزەون بکرێ تەنانەت لە کاتی ئیعدامی کوڕەکەشــی (بەگوێرەی ماهییەتی بە وتەی کۆمەڵە) بزەی خۆشــی و پێکەنینی بەســەر لێوەوە دیار بێ! دەڵێن لە پشــت هەموو کردەوەیەکی جینایەتکارانە بیرێکی جینایەتکارانە نووســتووە. تیرۆی شــاریکەندییش لە هەر ڕوویەکەوە لێی بڕوانی، کردەوەیەکی جینایەتکارانە بوو. بۆ پاســـاوی کوشـــتنی مرۆڤی بێ تاوان و کردەوەی جینایەتکارانەش، بیری جینایەتکارانە پێویســـتە. کوتنی ئەوەی کە شـــاریکەندی بەپێی ماهییەتی بۆی نەدەکرا "ئیعترازێک بە جانیانی هاوکاری" تەنانەت لەمەڕ ئیعدامی کوڕەکەی بکات وێنەی ئەو بیرە جینایەتەکارانەیە.

## دواوتەی بەر لە کۆتایی

لە مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایەتیدا کەم نەبوون وێنەی ئەو کەسانەی لەسەر دەستی زۆرداری ڕووبەڕووی کوشتن و تیرۆر بوونەتەوە. یەکێک لەو کە سانەش مامۆ ستا شاریکەندی بوو. بێبەزەییانە هەم درایە بەر دە سڕێژ و هەم بە ناڕەوا گەلێک تۆمەتی سازکراوی بۆ هەڵبە سترا. لە بەدواداچوونی ئەو ماوەیەدا پتر لە هەمیشە لەو ڕا ستییە نزیک بوومەوە کە پێویستیمان بە نوو سینەوەی مێژوویەکی ترە. گەلێک بڕگەی مێژووی ئێمە پێویستە سەرلەنوێ وەخوێندرێ و پێداچوونەوەی دیکەی بۆ بکرێ. لەم کارەشدا بەر لە هەر شتێک پێویستە ئە سڵ لە سەر بێلایەنی و حەقویستی و ئینساف بۆ دۆزینەوەی ڕا ستی دابنرێ. ئینجا بەدوور لە دەمارگرژی و دادوەریی پێشـــوەخت، بەدوای بەڵگە و فاکتەکاندا بگەڕێین. لەم بەدواداچوونەدا پێویســـتە بە چاوی گومانەوە لەو حوکمانە بڕوانین کە لە ڕابردوودا بڕیاری لە سەر دراوە. دە شێ گەلێک لەو حوکمانە بۆ چەوا شەگەری و ڕکەبەریی سیا سی بووبن. بەتایبەتی بۆ نا سینەوەی کەسایەتییەکانمان پێویستیمان بە وردبینییەکی پترە. کەیسی مامۆستا شاریکەندی یەکێک لەوانەیە. بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی ژیانی شـاریکەندی نابێ چیتر لە دەلاقەی ماڵی کۆمەڵەوە لەو کەسـایەتییە بڕوانین. لە دەلاقەی ماڵی کۆمەڵەوە هیچ گۆشـەیەک لە ژیان و بە سەرهاتی شاریکەندی، شیاوی لێوردبوونەوە و بەدواداچوونی پتر نییە. بە گەز و ڕبەی کۆمەڵە شاریکەندی خۆفرۆ شێکی کۆماری ئیســـلامی بوو، درەنگ یا زوو دەبوایە کوژرابا. لە جیهانی داخراوی ئایدۆلۆژیای کۆمەڵەدا پێشـــوەختە بۆ هەموو شـــتێک حوکمێکی ڕەهای لە سەر درابوو: چاک و خراپ، ڕەش و سپی، دۆ ست و دوژمن. بەڵام ئەگەر کە سێک نەیهەوێ لە دەلاقەی ماڵی کۆمەڵەوە لە ژیانی شـــاریکەندی بڕوانێ چی؟ داخوا ژیاننامەی شـــاریکەندی پێویســـتیی بە نووســـین و خوێندنەوەیەکی تر نییە؟ لە مێژوودا کەم نەبوون ئەوانەی بە تاوانی سیخوڕی و هاوکاری لەگەڵ دوژمنانی گەل بە بێتاوانی لەناو براون، بە ناڕەوا تووشی ئەشکەنجە و زیندان بوونەتەوە، بەڵام دواتر هەموو ئەو حوکمانە بە ناڕەوا لە قەڵەم دراوە و لە قوربانییەکان ئیعادەی حەیســـییەت کراوە. لە یەکێتیی سۆڤیەتی بەری بوخارین وێنەی هەرەزیندووی ئەو قوربانییانە بوو. ئێ ستاش تۆ بڵێی دوای تێپەڕبوونی ٢٧ ساڵ بە سەر ئەو تاوانەدا ڕێبەرانی کۆمەڵەش بوێریی ئەوەیـان هەبێ دان بە هەڵەی خۆیـانـدا بنێن و داوای لێبوردن لە ڕۆحی گەورەی شـــــاریکەنـدی و بنەماڵەکەی و گەلی کورد بکەن؟